

محمد سعید سلیم جاف

دوابەدوای ساڵی ١٢٥٢ ی کۆچیو لەناوچونی ئەمارەتەکەی بابان بە دەستی عوسمانیە خوێنخۆرەکان لە ژێر فەرمانڕەوای ئەورەحمان پاشادا ، لاوێکی پێکەوتوو هەڵکەوتوو لە هۆزی هەمەوەندی چەلەبیەکان پەیدا بوو بە ناوی حمە شەریفو ناو بانگ بە شەریف ڕەندان ، ئەم شەریف ڕەندانە هەوای فەرمانڕەوای ئەمارەتی بابانی سولەیمانی کەوتە کەللەوە

# بەشێ لە مێژووی وولاتی سولەیمانی

داوای له عوسمانیەکان کرد سولەیمانی بۆ چۆڵ بکەن . ئەوانیش بەم داواکاریە رازی نەبوونو خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد . شەریف رەندان بە لەشکرێکی دوو هەزار سوارەوە هەڵی کۆتایە سەر سولەیمانی شەڕو کوشتار بە توندی ماوەی چەند حەفتەیەك درێژەی سەند . دوای ماوەیەك شەریف سەرو ریشی زۆر هاتبوو ناردی سەرتاشیکیان هێناو شەریف ڕووی کردە سەرتاشەکەو پێ‌ی‌گوت کاکی سەرتاش سەرو ریشم باش بتاشە چۆنکە بەیانی ئەم سەرە یا ئەبی لە کۆشکی شاهیدا پادشا بێت یاخۆ بە نووکی رمەوە دەی‌بینی بۆ رۆژی دوای هەردو لەشکر لە بەینی دی‌ی قرگەو گردی سەیواندا تێکەڵ بوونو شەر گەرمەی تی‌کەوت لاشەی کوردو عوسمانی بە سەریەکدا کەوت . لەوکاتەدا بە ئەمری یەزدان گوللەیەکی ویڵی شەشخان بەر سەری شەریف کەوتو شەریف کوژرا . کاتێ لەشکری شەریف بەسەرهاتەکەیان زانی دەستیان لە شەڕ بەرداو هەلاتن بە کوژرانی شەریف شەرەکە دوای پی‌هێنرا .

کوژرانی ئەم لاوە هەڵکەوتوە لە هەموو ولاتی باباندا بوە مایەی دەردو داخو رەشپۆشو سوگەواری بوو لە هەموو دێهاتو کوروو کۆمەڵێکدا شیوەنو چەمەرانەیان بۆ ئەگێرا . (مێژوی ولاتی سولەیمانی ئەمین زەکی بەگ ئەمەش مەڵبەهەی شیوەنو گورانی پیاهەڵدانیەتی کە لە کتیبی فولکلوری کوردی خوا لی‌خوشبوو محەمەد تۆفیق ووردی وەرم گرتوە .

(١)

شەریف مەردێ بوو لە شا بوو یاخی
ئەسپی دائەکۆتا لە دەوری یاخی
تالانی دەنیا لە قەرەداخی

(٢)

شەریف مەردێك بوو مەردی مەیدانی
بە ئەسپی بۆرە دەی کرد جەوانی
تالانی دەینا لە مەریوانی

(٣)

شەریف مەردیك بوو لای (میرەدێیە)
قەڵخانو شمشیر هەردوکی پی‌یە
شەریف مەکوژن رۆڵەی دایکی‌یە

(٤)

قەڵخانی زەردەو ماینی بۆ دی‌نێ
هەوری لە سەریەو با ئەی شەکێنێ
شەریفی مەکوژن لاوی گەرمێنێ

(٥)

قەڵخانی زەردەو ماینی شێیە
دەنگی تەپڵی دێ لە میرەدی‌یە
شەریفی مەکوژان دۆست چاوی لی‌یە

(٦)

چەندم پی‌گوتی مەچۆ قەلاتێ
شەشخان بە حوکمە گوللە ئەتگاتێ
جی‌ی کارێت بگری نات‌بی نەجاتێ

(٧)

یاخوا سەربازان پەنجەتان بشکێ
گوللەیەکیان داوە لە گوی مەمکێ
لە جی‌ی ئەو گوللە زوخاو دەتکێ

(٨)

قەڵخانی زەردەو ماینی باڵەبان
دەنگی تەپڵی دێ لە گردی سەیوان
شەریفی مەکوژن رۆڵەی قارەمان

(٩)

خەبەرێك بدەنە قائمە تیلەکۆ
مەمکێکی نارنج یەکێکی لیمۆ
لە پاشی شەریف کێ‌بیان کا بۆ

(١٠)

دەوری سولەیمانی ئیمرو گیراوە
جارچی جاریان دا شەریف کوژراوە
خەڵکی خەفەت بار دڵ پڕ خوێناوە
بەدەستگاری‌و کورت کردنەوەو نوسیمەوە